ڕێگای کوردستان

دووشەممە 18ی ئادار (مارس)ی 2002 ژمارە (495) ساڵی (57)

# با هەڵەبجە دوا تاقیگەی بەکارهێنانی چەکی کیمیاییو کۆمەڵکوژی بێت

لە یادی چواردەیەمین ساڵەی کارەساتە جەرگبڕەکەی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا سەری ڕێزو نەوازش بۆ شەهیدانی سەربەرزی ئەمشارەو سەرجەم شەهیدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمانو نیشتمانەکەمان دادەنوێنینو پەیمان نوێ دەکەینەوە کە تێکۆشانمان بەردەوام بێت بۆ هێنانەدی ئاواتو خەونە ڕەواو پیرۆزەکانیان لە ئازادی کوردستانو عێراقو لە بەختەوەری گەلانی عێراقدا..

کارەساتی جەرگبڕی هەڵەبجە بەڵگەیەکی زیندوو حاشا هەڵنەگری ڕەفتارو کرداری هەموو جۆرە ڕژێمێکی دیکتاتۆرو خۆسەپێنەرو تۆتالیتارییە بە گشتیو مۆرێکی ڕەشە بە نێوچەوانی ڕژێمی سەدامی عەفلەقی خوێنڕێژو دژە مرۆڤو دژە ئازادیو دژ بە هەموو بەهاو نەریتو ئاکارو ڕەفتاری مرۆڤایەتییەکان.

ئاشکرایە ڕژێمێك کە بەردی بناغەکەیو بەردی دامەزراندنی پایەو بنەماکانی لەسەر کەللە سەرو خوێنو ئێسكو پروسکی گەلەکەی بێتو لەسەر هەڕاج کردنو فرۆشتنی خاکی وڵاتو نیشتمانەکەی بێتو بە کرێ گیراوو دەستەمۆو خۆ فرۆشو گەل فرۆشو نیشتمان فرۆش بێتو بە شەمەندەفەری "ئەمریکی"یەوە دەسەڵاتدارانی ڕژێمەکەی هاتبێتنە سەر کورسی دەسەڵاتدارێتیو حوکم بەرهەمەکە بۆ گەل تەنها نموونەی کاری ئاوا ڕەشەکوژیو خوێنڕێژیو قەتڵو عامی گەل دەبێت.

ڕژێمی بەعسو پیاوانی ڕژێم لەوەتەی هاتوونەتە سەر کوسی دەسەڵاتو تاکو ئەمڕۆش تەنها چرکەیەك بیریان لە خزمەتکردنی گەلو نیشتمان نەکردۆتەوە، لە کاتێکدا کە هەموو پلانو نەخشەیەکیان بۆ وێرانکردنو کاولکردنی و بە فیڕۆدانو هەڕاج کردنی سەروەتو سامانی وڵات ئامانجیان بووە.

یەکێك لە ئامانجە گڵاوەکانی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس لە کوردستاندا کە هەمیشە هەوڵی بۆ داوە کاولکردنی کوردستان بووە بەشارو گوندو بە باخو بێستانو بەکێڵگەو کانیاویەوە.

یەکێکی تر لە ئامانجە گڵاوەکانی ئەم ڕژێمە خوێنڕێژە زەلیلکردنو سەرپێ شۆڕکردنو خڵەفاندنو دەستەمۆکردنی خەڵکی کوردستان بووە بۆ ئەوەی هەمیشە لە بەردەم بڕیارە نارەواو ناپەسەندەکانیاندا خەڵکی کوردستان وشەی "بەڵێ" بەکاربهێنێتو وشەی "نەخێر" بخاتە لاوەو فەرامۆشی بکەن.

خەڵکی هەڵەبجەی شەهید زۆر باش لە ناوەڕۆكو مەبەستی گڵاوی ڕژێمی بەعس گەیشتبوونو زۆر باشیش دەیانزانی مەرامەکانی بەعسی عەفلەقی لە کوردستاندا چییە؟! بۆیە مەردانە قۆڵی خەباتیان لێ هەڵکردو هاتنە مەیدان بۆ خۆپیشاندانو نارەزایەتی دەربڕینو ڕووبەڕووبوونەوەی بەعسو دروشمی "بڕوخێ بەعس" بڕوخێ دیکتاتۆریەت، بژی گەل، بژی ئازادی، بژی دیموکراسیەتو بژی مرۆڤی ئازادیخواز"یان لێ بەرز کردەوە.

خەڵکی شاری هەڵەبجەی شەهید ماڵی خۆیانیان کردە بنکەو بارەگا بۆ

**مامۆستا ڕزگار عەبدوڵڵا عەبدولکەریم**

هەموو ئەو کەسانەی کە دژ بە ڕژێمی سەدامی دیکتاتۆر کاریان دەکرد، بە هەزاران ڕۆڵەی خاوەن شەرەفی عێراق بە کوردو بە عەرەبەوە لە ڕیزەکانی سوپای عەفلەقی هەڵدەهاتنو دەهاتنە ناوچەی هەڵەبجەی شەهیدو پەنا دەدرانو هاوکاری دەکران.. شاری هەڵەبجەو خەڵکەکەی چەندان جار لە حەفتاکانو لە هەشتاکاندا دەهاتنە سەر شەقامو جادەکانو بە دەستی بە تاڵو بە دڵێکی پڕ لە نیشتمانەوە ڕووبەڕووی پیاو کوژەکانی ڕژێم دەبوونەوەو هوتافیان دەکێشا "نەمانو سەر شۆڕی بۆ داگیرکەرانی کوردو کوردستان"و "بژی بەرەی یەکگرتوو پشتیوانە بۆ هەموو".. لەبەر ئەوەش بوو کە ئەم ڕژێمە خوێنڕێژە هەمیشە لە فیکری ئەوەدا بوو کە بەهەر شێوەیەك بێت دەبێت هەڵەبجە خاپور بکاتو کاولی بکاتو خەڵکەکەشی ڕاپێچی ناو زیندانە تاریکەکان بکاتو لە ژێرسزای توندی ئازارو ئەشکەنجەدا بیان کوژێتو شەهیدیان بکات، ڕژێم هەمیشە بە دوای دەرفەتێکدا دەگەڕا.. ..

ئەوەبوو لە 1987/5/15 دا خەڵکی هەڵەبجەی شەهید خۆپیشاندانێکی جەماوەری گەورەیان لە دژی ڕژێمی عەفلەقی ئەنجامداو قارەمانانە هاتنە سەر شەقامو جادەکانو دروشمی نەمانو ڕوخانو لەناوچوونی بەعسی عەفلەقییان بەرز کردەوە. ئەمە بەڵگەیەکی قارەمانانەی خەڵکی هەڵەبجە بوو، لە هەمان کاتیشدا هۆکارێکیش بوو بە دەستی ڕژێمەوە تاکو تێ بگات کە تازە هەڵەبجەی لە دەست دەرچووەو خەڵکی هەڵەبجە دەستەمۆو سەر شۆڕی بڕیارەکانی نابنو دژایەتی توندی دەکەن.. ئەم هۆکارەو چەندین هۆکاری سیاسیو کۆمەڵایەتی تر بوونە هۆی ئەوەی کە ڕژێم لە ڕۆژی 1988/3/16دا بە جۆرەها شێوەو بە بەکارهێنانی هێزی ئاسمانیو هێزی زەمینی هێرش بکاتە سەر هەڵەبجەو فڕۆکە جەنگییەکانی ڕژێم، نوێترین فڕۆکەونوێترین چەکی ژەهراویو کیمیاییو کۆژەری سەردەم تاقیکرایەوە لەگەڵ خەڵکی ئەمشارەدا کە ئەنجامەکەی شەهیدکردنی زیاتر لە "5000" هەزار کەسو بریندارکردنی زیاتر لە "11000"هەزار کەس بوو کە تاکو ئێستاش پاش چواردە ساڵ هێشتا خەڵکی برینداری ئەمشارە بە دەست ئازاری برینەکانیانەوە، ئازار دەچێژنو دەتلێنەوەو چارەسەر نەکراون!!؟

کارەساتی هەڵەبجە کوردی بە گشت گەلانی جیهان ناساند.. خەڵکی هەڵەبجە گەورەترین قوربانییان پێشکەش بە گەلو نیشتمان کرد.. ئێستا کە لە سایەی سێبەری حزبە نیشتمانییە تێکۆشەرەکانو حکومەتو پەرلەمانی کوردستاندا هەرچەندە بە داخەوە حکومەت دووکەرتو دوو ئیدارە بووەو پەرلەمانیش بە هەمان دەرد چووەو ئیفلیج بووە، بە هۆی کارەساتی شەڕی کورد بە کوردەوەو ئاسەواری شەڕی ناوخۆوە کە هیواداریین کۆتایی پێ بێتو لەسەر خاکی هەڵەبجەی شەهید پەیمانی یەکگرتنەوەی ئیدارەی هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستانو یەکگرتنەوەی پەرلەمانو یەکێتی نێوان هێزو حزبە نیشتمانییە عێراقییەکانو کوردستانییەکان بۆ هەتا هەتایێ مۆر بکرێت" بە داخەوە نەتوانراوە وەکو پێویست ئاوڕ لەم شارەو خەڵکە تێکۆشەرەکەی بدرێتەوە تاکو ئێستا کەلاوەکانی هەڵەبجە بە ئاشکرا هەرماونو جادەکانی ناو شارو دەرەوەی شار هەمووی کاولو وێرانەو ڕێژەیەکی کەمی شار ئاوەدان کراوەتەوە، هەرچەندە لێرەو لەوێ چەند پرۆژەیەك کراوەتەوە بەڵام ئەم پرۆژانە بە گشتی لە ئاستی ئەو هەموو کاولکاریو وێرانەییو خاپور کردنو قڕکردنەدا نین!! هۆکاری ئەمەیش کە دەیڵێین ئاشکرایە کەچییەو چۆنە؟

شاری هەڵەبجەو دەوروبەری هەڵەبجە خەڵکێکی قارەمانو تێکۆشەری تێدا دەژینو ناوچەیەکی فراوانەو خەڵکێکی زۆریشی تێدا نیشتەجێیە.. هەڵەبجە شایانی ئەوەیە کە لە بوارە جیا جیاکانی ژیانی شارستانی نوێدا ئاوڕی لێ بدرێتەوە.. شار پێویستی بە ئاوەدانکردنەوەی فراوان هەیە.. خەڵکی شار پێویستییان بە هاوکاریو یارمەتی ماددی هەیە بۆ ئەوەی بتوانن بژین.. هەڵەبجە پێویستی بە کردنەوەی زیاتری دایەنگاو باخچەی ساوایانو قوتابخانەو پەیمانگای تەندروستیو پەیمانگای تەکنیکیو زانکۆ هەیە. ناوچەی هەڵەبجە ناوچەیەکی کشتوکاڵیو جووتیارییەو جۆرەها بەرهەمی کشتوکاڵی لەم ناوچەیەدا دێتە بەرهەمو دەتوانرێت چەندان کارگەی جۆراو جۆر لەم ناوچەیەدا بکرێتەوە ئەگەر دۆستێکی دڵسۆزو دەستێکی نیشتمانی هەبێت ئاوڕ لەم ناوچەیە بداتەوە، کەسوکاری شەهیدان بە گشتی پێویستییان بە هاوکاریکردنو یارمەتیدانی ماددیو مەعنەوی هەیەو هیواداریین کە بەرپرسانو دڵسۆزانی کوردو کوردستان لە هەر جێگاو شوێنێکی بەرپرسیارێتیدان ئاوڕیان لێ بدەنەوەو بە هانایانەوە بێن.

خەڵکی هەڵەبجە بە گشتیو ڕۆشنبیرانو ڕووناکبیرانی هەڵەبجە هیواخوازن کە هەموو لایەنو حزبە نیشتمانییە عێراقیو کوردستانییە خەمخۆرو دڵسۆزەکان وتارو ڕەفتاریانو کرداریان یەکبخەن لە "بەرەیەکی نیشتمانی یەکگرتوودا" کە بتوانێت ئەرکی ئەم قۆناغەی تێکۆشان ببات بەڕێوە لە لەناوبردنو نەمانی ڕژێمی دیکتاتۆرو هێنانە سەرکاری حکومەتێکی دیموکراتی پەرلەمانی فرە لایەنی فیدراڵیدا کە تەواوی مافەکانی گەلانی عێراق دابین بکاتو نەهێڵێت جارێکی تر هیچ پارچەیەکی خاکی عێراق بکرێتە "تاقیگە بۆ بەکارهێنانی چەکی کیمیاییو ژەهراوی کۆمەڵکوژ"..

# 14 ئاداریێ، ڕوژا سەرهەلدانا باژێرێ دهوکێ

**بەرهەفکرن/ شێرزاد مختار**

گەر زوڵمو زورداری، گرتنو ئەشکەنجەدان، تیرورو ئەنفالکرن، تەعریب ڤە گوهاستنو دەربەدەرکرن ببو دروشمێ ڕژێما دیکتاتوریا بەغدا، شەهیدبونو قوربانیو گیان ژ دەست دان بونە فیداکاریا ڕزگاریو ئازاد بوونێ.

ل ڕوژا 3/14 (11)ە شەمالك هاتنە هلکرنو ڤە مراندن لسەر بورینا (11) سالا لسەر سەرهلدانا خەلکێ دهوکا خوراگر ل شەڤا (13/14)ێ ئادارا سالا (1991) شەوقو روناهیێ ئەسمانێ ڤی باژێری گەش کر، شەڤ بو ڕۆژ، تا ریستان کرە روناهی، دەمێ خەلکێ باژێری و ب درێژاهیا خەباتە کا دیرو درێژ ڕێز کرینە ئێك، هەر د ئەڤێ شەڤێدا مزگینی گە هشتە چیاێ سپیو چیاێ رەش کو خەلکێ دەڤەرێو باژێرێ دهوکێ سەرهلداو ئاگرێ خو ل دەرەنگیا شەڤێ هەلکرو دەنگێ (ژنو زەلامو زاروكو پیران) تێکهەلبویو بێئێك دەنگ گازی کرین (سەرهلدان ژیانە) و بەرەف کولانو شەقامیت باژێرێ کوم بون ب ڕێکەتن و پێشمەرگەهو ولاتی بەربونە کەلهێت فاشیاو دەنگێ تفەنگو تلیلیا بسەر باژێرێ کەت.

مللەتی ڕێز کرنە ئێكو بەرێ لیلیێت تفەنگا بەردانە دوژمنێ کو ف رەڤا خورا نەگەهشتیو ل سحاریا (14)ی ئادارا (1991) چەند سیخورو دیڤەلا نکێت ڕژێمێ هەولدان بەرهنگاری هێزێن مللەتی بی لێ ئیرادا حوکما ڤی خەلکیو شیانێت پێشمەرگەی باژێرێ دهوکێ رامالینو پاقژکرنو ئەوێ ڕەڤی بێن دی ژی گەهشتنە سزایێ خوو ئەڤی ماوێ کورت دا تولا شەهیدا هاتە ڤەکرن، ب ئەڤێ هەلکەفتا پیروز ڕوژا سەرهلدانا مللەتیو خەلکێ باژێرێ دهوکێ مەبفەر دویت ڤان چا ڤێکەفتنا دگەل هاورێیێن بەشدار د ئەڤێ داستانێ دا بکەین. هاورێ سەردار دهوکی: ل دەسپێکێ گەرمترین پیروزباهیا ئاراستەی جەماوەرێ خەلکێ دهوکێ دکەم وڤێ ڕوژا پیروز ڕوژا سەرهلدانا خەلکێ دهوکێو ڕزگارکرنا دەڤەرێ ژ دیکتاتوریەتێو فاشیەتێ. ل دور پرسیارێن هەوە، بدویتنا مە وەك حزب ئەم د ئاگەهدار بوین کو گوهرینەك دێ هێتە رویدان نەخاسمە پشتی گەلێ کوردستانێ سەرهلدایو پەڤینائێکێ ل باژێرێ رانیە دەستپێکرێ، ژ بەر چەندین هاوکارێن نا فخویو ژ دەرڤە، ژوان بەردەوامبونا ڕژێما بەغدا لسەر سەپاندنا سیاسەتا شوڤینیو هەولا حەلاندنا مللەتێ کوردستانێو، بەردەوامیا پەیوەندیێت موکم دناڤبەرا هێزێن مللەتیو حزبێن بەرەی کوردستانی، و ڕژدبونا ئەمنو موخابەراتێن ڕژێمێ لسەر گرتنو ئەشکەنجەدانو ئیعدام کرنا خەلکێ کوردستانێ.

هوکارێ دەرڤە ئەو بو کو ڕژێما بەغدا یا دیکتاتوری خو توشی شەرێ کەنداڤێ دووێ کری ب داگیرکرنا کویتێ یاکو بویە ئەگەرێ داوە شاندنا گورزێت لەشکەرێ بێت ب هێز دژی لەشکەرو جەبلخانێت لەشکەرێ ڕژێمێ ژلایێ هێزێت وەلاتێن هەڤپەیمانڤە، ئەڤ چەندە ژی بو ئەگەرێ لاواز کرنو بەرەلاییا لەشکەرێ ئیراقێ بێ کو هاتیە ڤەقەتاندنو ژ سەرکردایەتێ یاخو.

ژ بەر ڤان هوکارێن مە دیارکرین و دویتنا حزبێ بو ڤی کاودانی، مە وەك پێشمەرگە ه خو بەرهەف کر مل ب ملێ حزبێن بەرەی کوردستانی کوب زویترین دەم دا بگەهینە باژێرێ دهوکێو د بەشداربین د سەرهەلدانێ دا.

گەهشتنا مە بو باژێرێ دهوکێ ژلایێ زاخو ڤەبو پشتی کومبونەکا بەرەی هاتیە گریدان ل زاخو مەفرەزا مە بەرەف باژێرێ دهوکێ ڕێککەفت ئەم شیان بارەگایێ حزبێ ل باژێری ڤەکەینو ڕێکخستنو دوستێت حزبێ ل خو خرڤەکەین. هەروەسا چەند کومبونێت لیژنا بەرەی هاتنە گرێدان ژبو کونترول کردنو ئێمناهی یا باژێری.

گومان تێدا نینە کو ڕوولێ جەماوەریو تەخێن مللەتی ڕوو لەکێ بەرچاڤو قارەمان بوو ئەڤ بەر سنگنا خەلکی ناهێتە ژبیر کرن نەبتنێ دداستانا سەرهەلدانێ دا بەلکو ددیروکا خەباتا کوردایەتێ هەردەم بارێ شورەشا لسەر ملیێت وان ژی بویەو، ئەڤی جەماوەری مل ب ملێ حزبێن کوردستانی شیان بو ماوەکێ کورت باژێرێ دهوکێ ڕزگار بکەنو چەندین شەهیدا بدەن، ورێ خوشکەربون بو حزبو پێشمەرگەهێت بەرەی کوردستانی ژبو تومارکرنا ئەڤێ داستانا پیروزو مەزن. هاورێ هەوار: دەمێ ڕژێما فاشی ب کارێن خوینێن هوڤانە دەرهەق مللەتێ کورد بوی یاکو گەهشتیە رادێ بکار ئینانا چەکێ کیمیاویو دەربەدەرکرنا ب سەدان هزارا ژ ئەڤی خەلکیو، پشتی خرابکرنا پتر ژ (4) هزار گوندا و بەرزەکرنا نێزکی (200) هزار ولاتیێن کورد د هەوا ئەنفالا ڕەشو شەرێن دژی ئیرانێو کویتێ.

سەرەرای ڤان هەمی کارەساتا ڕژێم یا ڕژدبو لسەر خاپاندنا رایێ گشتیێ نافخویو دەرڤە ب ڕێیا دەرچونا ڕێپیڤاو خو نیشاندانا و ب هزاران کەس چ ب ڕێیا ترسێو خەپاندنێ د ئێخستنە ڤان ڕەنگە سیناریۆ هاتا، رککەبەریا ئیراقێ شیانێت قایل کرنا جهێن خاپاندنێ ل دەرڤەی وەلاتی نەبو، پرانیا کورێت ڤی مللەتی دژی ڕژێما بەعسی بونو خەباتا وان با بەردەوام بو د نەخوشترین کاودانێت تیرورا خویناوی، ئەڤ ئەگەرێت مە ئاماژە پێدایین کەتنە سەر ئێك بو ئەگەرێ پەڤینا سەرهەلدانا سالا (1991) ژ بەسرا دەستپێکرو ل ڕوژا (1991/3/5) خەلکێ باژێرێ رانیە سەرهلداو دماوێ چەند ڕوژەکا (14)ە پارێزگەه ژ (18)ە پارێزگەها هاتنە ڕزگارکردن، ڕژێما بەغدا ب هەمی شیانێت خو ڤە هەولدا ژبو زڤراندنا ڤان پارێزگەها لێ نەشیا هەتا هێزێن هەفپەیمان دەلیڤە دابێ ژبو بکارئینانا (حرس الجمهوری)و فروکێت (کوپتەر) پێخەمەت ڤەمراندنا ئاگرێ سەرهەلدانێ.

ل کوردستانێو بەروڤاژی پارێزگەهێن دی یێت ئیراقێ هێزێن حزبێن کوردستانی یێت نافخوو ژ دەرڤە ڕوولەکێ کاریگەر هەبو د سەرپەرشتیا سەرهەلدانێدا، ل کوردستانێ (فیلق)ك بگشتی هاتە ئێخسیرکردن، بێی بەرهنگاری، وتە ڤایا کەلهێن زورداریێو موخابەراتا ب گورزێن جەماوەری هاتنە هەرفاندن. هەژییە بێژین کو هەمی تویژێن جڤاکیو گەلەك کەسێن دگەل ڕژێمیدا بەشداربوون د ئەڤێ سەرهەلدانێ ژ بو روخاندنو ژ بنبرنا دیکتاتوریەتێ.

سەرهلدانێ شیانێت مەزنێت ئەڤی مللەتی دیارکرن دهەڤرکیا خودا د گەل دیکتاتوریەتێ، پێتقییە کویرتر بەرێ خو بدەینە دەرسێت سەرهەلدانێو ئەگەرێت ڤەمانێو شکەستنێ ژ بو بجه ئینانا ئاوارمانجێ سەرەکی ئەوژی روخاندنا دیکتاتۆریەتێیەو مفاژێ بێنە وەرگرتن د شەرێت داهاتیدا دژی ڕژێما فاشیو ژبو چەسپاندنا فیدرالیەتێ ل هەرێما کوردستانێ د ئیراقەکا دیموکراتیا فرەه حزبیا فیدرالیدا.

## یاداشت نامەیەك لە کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان

بەڕێز: دکتۆر ڕۆژ نوری شاوەیس

سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان

بەڕێز: نێچیرڤان بارزانی

سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان

سڵاوێکی گەرم

ئێمە کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی حزبی شیوعی کوردستان نوێنەرایەتی سەرجەم پێشمەرگە دێرینەکانی حزبی شیوعی دەکەین لە هەردوو شۆڕشی ئەیلولو شۆڕشی نوێ. هەر بۆیە داواتان لێدەکەین وەکو خەڵکێکی تێکۆشەرو خاوەنی مێژووی شۆڕشگێڕی مامەڵەمان لەگەڵدا بکرێتو ئێمەش وەکو تێکۆشەرانی ئەیلولو گوڵان لە ڕێزو ئاوڕ لێدانەوە بەهرەمەند بکرێین، چونکە مایەی گلەییو نیگەرانیمانە. تاکو ئێستا لەم بارەیەوە هیچ ئاوڕێکمان لێ نەدراواتەوە لە کاتێکدا لە هەردوو کابینەی سێیەمو چواری حکومەتی کوردستان بۆ ئەم مەبەستە چەندین جار سەردانی دامو دەزگای حکومیو حزبیمان کردووە بەڵام تاکو ئێستا هیچ دەرەنجامێکی ئیجابی لێ نەهاتۆتە بەرهەم. لە کاتێکدا کە ئێمەی پێشمەرگە شیوعییەکان بەشداری کاریگەرمان هەبووە لە بنیاتنانو بەردەوام بوونی شۆڕشی گەلەکەمان. هەر بۆیەش داواکارین حکومەتی هەرێمی کوردستان ئێمەش وەکو ڕۆڵەیەکی ماندوو نەناسو خاوەن هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەی مێژوویی سەیر بکاتو وەکو چۆن تاکو ئێستا چەندین دەستکەوتی ماددیو بڕیاری گونجاو بۆ چاککردنەوەی باری گوزەرانو بژێوی تێکۆشەرانی ئەیلولو گوڵان دەستبەر کراوە ئاواش پێشمەرگە دێرینە شیوعییەکانیش ڕێزو تەقدیر لە مێژووکەیان بگیرێت. بەهیواین ئەم داوایەمان لای بەڕێزتان ڕێزی لێ بگیرێتو بە هەند هەڵبگیرێت.

کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی

حزبی شیوعی کوردستان

## با یادی کیمیابارانی هەڵەبجەو نەورۆز پاشماوە......

نەورۆز کە یەکەم ڕۆژی بەهارە نەك بەلای گەلی کوردستان بەڵکو بە گوێرەی گەلانی تری دراوسێشمان ڕۆژی خەباتو یەکبوونی ئەم گەلە ستەملێکراوەیە. ئەمڕۆش هەریەکبوونە دەرمانی هەموو گیرۆگرفتەکانی ئەم گەلەیەو تەنیا ڕێگایە بۆ بەدەستهێنانی هەموو مافە نەتەوەییو مرۆیی و چینایەتییەکانی خۆی. بە تایبەتی لەم هەلو مەرجە چارەنووسسازەی کە چاوەڕوان دەکرێتو گشت لێکدانەوەکان ئاماژە بە گۆڕانکارییەکی چۆنایەتی بۆ ئایندەی عێراق دەکەن. کە دەبێ گەلی کوردستانیش وێڕای ئاڵۆزیی بارودۆخەکە ئەوپەڕی کۆشش بکات لە پێناوی مسۆگەرکردنی فیدرالیزم لە سای سێبەری دەوڵەتێکی دیموکراتی فرە حزبی، پەرلەمانی کە پاشماوەی دیکتاتۆری بە گشتی بسڕێتەوەو ژیانێکی پڕ سەروەری بۆ هەموو نەتەوەو ئایینو تایفەکانی عێراق دابین بکات. بە شێوەیەکی ڕاستەقینە مافی مرۆڤو ژیانێکی ئاسودەو ئازادانە بۆ هەموو ڕۆڵە دڵسۆزەکانی گەلانی عێراق دابین بکات.

بۆیە لە بیرەوەری ئەم دوو بۆنە پڕبایەخەی گەلە ستەم لێکراوەکەمان بە ئەرکی سەرشانی خۆمانی دەزانین کە جارێکی دیکە داوا لە هەردوو حزبە دەستەڵاتدارەکەو هەموولایەنە کوردستانییەکان بکەینەوە کە ئاشتییەکی یەکجارەکی دابین بکەنو ئاشتبوونەوەیەکی نیشتمانی هەمەلایەن بە کردەوە سەقامگیر بکەنو یەکڕیزییەکی پتەو لەسەر بنەمای بەرنامەیەکی ینشتمانی- دیموکراتی پێشکەوتنخواز دابمەزرێننەوەو بە ڕێگای هاوکاری لەگەڵ هەموو لایەنە دڵسۆزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراق نەخشەی کۆتایی هێنان بە دیکتاتۆری دابڕێژنو دیموکراتی لە کوردستاندا قووڵ تر بکەنەوە بۆ ئەوەی هەموولایەنە ڕەسەنەکانی کوردستان بە جۆشەوە بەشداری لە ئاوەدان کردنەوەی کوردستانو عێراقی دوای دیکتاتۆری بکەن.

ڕۆژی ئەوە نزیك بۆتەوە کە گەلانی عێراق بە گەلی کوردستانیشەوە بە هەموو مافە ڕەواکانی خۆیان شاد ببن ئەگەر سەرکردایەتی بزاڤی نیشتمانی کوردستانو لایەنە ڕەسەنەکانی ناو ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی بتوانن، خۆیان لە بۆچوونی حزبایەتیو هەرێمایەتیی بەرتەسك ڕزگار بکەنو بەرژەوەندی باڵای گەل بکەنە سەردێری خەباتی لێبڕاویان.

جەژنی نەورۆز لە هەموو ڕۆڵەکانی گەلی کوردستان پیرۆز بێت. بڕۆخێ ئەو ڕژێمەی شاری هەڵەبجەو شوێنەکانی دیکەی کوردستانی بە چەکی کیمیایی بۆردومان کرد.

سەرکەوێ خواستو داوای گەلەکەمان لە ڕووخانی دیکتاتۆریو دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراتی فیدراڵی پەرلەمانی فرە حزبیدا.

سەربەرزی بۆ شەهیدانی کیمیا بارانی هەڵەبجەو ناوچەکانی تری کوردستان.

پایەدار بێ ئاشتیو ئاشتبوونەوەی گشتیو ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی کوردستان.

**کۆمیتەی ناوەندی**

**حزبی شیوعی کوردستان-عێراق**

2002/3/14